# نامەیەك لەپێشوازی مەعشوقەکەم دا ...

سەروەر کەریم

بەهاتنی مەعشوقەکەم لەوولاتی بەفرەوە ( خەزان ) پێشکەشە .

ژیان تەقوای عارفێکە لەنەبوون دا ،
بەشوێن هەناسەکانی بووندا دەگەڕێ .
عەشق سرووتی سۆفیەکە ,
شەونم دەبەخشێتە باخچەی بەیان .
بوون فەلسەفەی ئاوە !
تریفە دەداتە کانیاوەکانی شەوان .
مانگ ژوانی ئەستێرەیەو ،
وێنەی خۆی بەکەنار دەریا دەدات ،
لەتەنهایی شەوی یەڵدادا ...
ئەمانە تەجەلاو خەونی عاشقێکن ,
کەدەیەوێت هەناسەکانی موحیبەت بنوسێتەوەو،
شیکاری فیزیای ژیان بکات .
ڕەنگە پەمەییەکانی عەشق ئەزبەربکات .
تاخەونی نەوڕەسەکان بەسەرنەچێ و ،
یادەوەریەکانی خەونی بەیان بنوسێ .
لەحزوری هاتنی یاردا
مانگ بهێنێتە ئاستی چاوەکانی و ،
کڕنۆش بەخۆربەرێ و ،
سەما بەئەستێرەکان بکات .
ئای خەونی هاتنی یار !
لەم بەهاری لالەزارەدا ،
ئەوخەونانەت لەکوێ بوو ؟

ئەو سیما ڤینۆسیەت لەکوێ هێنا ؟

بۆ وولاّتی چیاو ،

خەونت بەخشییەوە دڵی ماندووم .

دڵێك لێوان ... لێو لەسەراب .

هەزاران ساڵ بوو هیچ خودایەك ،

گوێ بۆ نزای نەدەگرت و،

هیچ عارفێك بۆی شیكار نەدەكرا ...

ئەی مەعشوقەكەم :

تۆبەهاتنت سیماكانی بوونت گۆڕی ،

ئاسمانی شارت كردە چراخان .

دەشتە پڕخارەكانت وێران كردو ،

دنیایەك لەگوڵ و پەپولەت پێبەخشیم ...

ئای ڤینۆسەكەم :

هاتنت ڕوحمی گەیاندەوە بەزناری عەشق و ،

گەڕامەوە ئاسمانی موحبەت و ،

سیما دزێوتەڵخەكانی ژیان ڕەویەوە ...

ئێستا ئاسمان سیمای كۆترێكی سپیەو ،

پەروانەكانی عەشق سەمای تیا دەكەن .

باخچەكان شوێنی ڕاموسانی كەناریەكانەو ،

شەقامەكانی شار ژوانی یارانە .

2007/5/16تا2007/5/6

تەجەلا : بەمانای پاڕانەوە دێت

ڤینۆس : مەبەست خوای جوانی

لالەزار : مەست دەشتێكی پڕلەگوڵ و گوڵزارە

خار : بەمانای دەشتێكی پڕلەدڕك و داڵ دێت

زنار : بەمانای سەرلوتكەی چیادێت

Dengekan